Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2024.1102

# ڕۆڵ و كاریگەری پێوەرە كۆمەڵایەتییەكانی ئاخاوتن لە زمانی كوردیدا

**پێشكەوت مەجید محەمەد**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی كوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | November, 2023 |
| Revised | November, 2023 |
| Accepted | December, 2023 |

**Keywords**

زمان و كۆمەڵ، گۆڕانی زمان، زمان و كەلتور، پێوەرە كۆمەڵایەتییەكانی ئاخاوتن

**Corresponding Author**

peshkawt.majed@garmian.edu.krd

**پوختە:**

زمانی كوردی وەكو زمانەكانی تر، خاوەنی چەندین جۆرە لە پێوەری كۆمەڵایەتی ئاخاوتن، كە هەڵقوڵاوی بیركردنەوە و ئەزموونی ئاخێوەرەكانێتی، هەمووان لێی ئاگادارن و بەشدارن لە جێبەجێكردنی و پەیوەستن بە بەكارهێنانیانەوە، ئەم پێوەرانە بڕ و نۆرەی ئاخاوتن و شێوازی دەربڕینی دەنگ و چۆنیەتی ڕێزگرتنی بەرامبەر لە گفتوگۆكان ڕێكدەخەن و ڕۆڵیان لەسەركەوتنی گفتوگۆكان و مانەوە و توندوتۆڵكردنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی نێوان تاكەكانی كۆمەڵی كوردەواری هەیە، بەكارهێنانیان بەپێی نیشانە كۆمەڵایەتییەكان و گۆڕانی بیركردنەوەی كۆمەڵ دەگۆڕێن، بە چەندین دەربڕاو پەسنی ئەو كەسانە دەكرێت، كە پێوەی پەیوەستن، بە پێچەوانەوەشەوە بە چەندین دەربڕاو سزای كۆمەڵایەتی ئەو كەسانە دەدرێت، كە پێوەی پەیوەست نابن و یاسا و چۆنیەتی بەكارهێنانی پێوەرەكان دەبەزێنن و لێی لادەدەن.

**پێشەكی:**

**1/. ناونیشانی توێژینەوەكە:**

ئەم توێژینەوەیە (پێوەرە كۆمەڵایەتییەكانی ئاخاوتن لە زمانی كوردیدا)، لە ڕوانگەی زانستی زمانی كۆمەڵایەتییەوە، تیشكدەخاتەسەر ئەو یاساو نەریتە كۆمەڵایەتیانەی زمان، كە دەكرێن بە پێوەر و پێوانە بۆ ڕێكخستن و هەڵسەنگاندن و دەرخستنی كەسێتی بەشداربووانی گفتوگۆیەك لە زمانی كوردیدا.

**2/. سنوری توێژینەوەكە:**

لەم توێژینەوەدا، دیالێكتی كرمانجی ناوڕاستی زمانی كوردی بەكارهێنراوە، نموونەكانیش لە گفتوگۆی نێوان تاكەكانی كۆمەڵەوە بەدەستهێنراون.

**3/. ڕێبازی توێژینەوەكە:**

لە توێژینەوەكەدا ڕێبازی (پەسنی–شیكاری) بەكارهێنراوە.

**4/. هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەكە:**

– پێوەرە كۆمەڵایەتییەكانی ئاخاوتن پێوانە و پێوەری سەرەكی ڕێكخستنی گفتوگۆكانن و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی نێوان تاكەكانی كۆمەڵ ڕێكدەخەن.
– پێوەرە كۆمەڵایەتییەكانی ئاخاوتن وەكو بەشێك لە یاسا كۆمەڵایەتییەكانی زمان لەڕووی چۆنیەتی بەكارهێنانییەوە لە كەلتورێكەوە بۆ كەلتوورێكی تر جیاوازن.
– زمانی كوردی لە ڕووی چۆنیەتی بەكارهێنانی پێوەرە كۆمەڵایەتییەكانی ئاخاوتنەوە، كۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە، كە بڕیارلێدراوی تاكەكانێتی.

**5 /. ئامانجی توێژینەوەكە:**

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە چەند خاڵێكدا دەبینێتەوە گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن:**

– دیاریكردنی جۆر و چۆنیەتی بەكارهێنانی پێوەرە كۆمەڵایەتییەكانی ئاخاوتن لە زمانی كوردیدا.
– كاریگەری بیركردنەوەی كۆمەڵی كوردەواری لەسەر چۆنیەتی بەكارهێنانی پێوەر كۆمەڵایەتییەكانی زمان.
– ڕۆڵی پێوەرە كۆمەڵایەتییەكانی ئاخاوتن لە سەركەوتنی گفتوگۆكان و پاراستنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی نێوان ئاخێوەرانی زمانی كوردی.

**6 /. ناوەڕۆكی توێژینەوەكە:**

توێژینەوەكە لە دووبەش پێكهاتووە، لە بەشی یەكەمدا باس لە پەیوەندی نێوان زمان و كۆمەڵ و كاریگەرییان لەسەر یەكتر لەلایەك و گۆڕانی زمان لەلایەكی ترەوە، كراوە، پاشان ڕۆڵی كەلتور لە تایبەتمەندی و گۆڕانی پێوەرە كۆمەڵایەتییەكان وەكو دیاردەیەكی زمانی خراوەتەڕوو. لە بەشی دووەمیشدا پێوەرە كۆمەڵایەتییەكانی ئاخاوتن ناسێنراوە، پاشان هەموو جۆرەكانی پێوەرە كۆمەڵایەتییەكانی ئاخاوتن وەكو: (بڕی ئاخاوتن (زۆربڵێیی، كەمدوویی)،

نۆرەی ئاخاوتن (نۆرەگیریی، نۆرەبڕین)، دەنگبەرزکردنەوە، بەڕێزانە ئاخاوتن، دەربڕینی ناڕاستەوخۆ) لە زمانی کوردیدا دیاریکراوە، هەروەها چۆنیەتی بەکارهێنانی یاساکانی ئەم پێوەرانە بەپێی نیشانە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو: (تەمەن، ڕەگەز، پیشە، ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری، پێگە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی...هتد) و گۆڕانی بیرکردنەوەی کۆمەڵ، بەنموونەوە خراوەتەڕوو.

## 1/1) زمان و کۆمەڵ:

زمان و کۆمەڵ لە گەشەکردن و سستبووندا بە یەك ئاڕاستەی هاوشان هەنگاودەنێن، ئەمەش بەهۆی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی لەنێوانیاندا هەیە، چونکە زمان ناسنامەی کۆمەڵە، ئامرازی بیرکردنەوەکانێتی و لە ڕێگەیەوە جیهانی دەرەوە دەبینێت و پەیوەندی پێکەوەدەکەن، هەر گۆڕانێك لە کۆمەڵدا ڕوودات، کاریگەری لەسەر گۆڕانی زمانی دەبێت و زمان بەرەو گەشەکردن، یان لەناوچوون دەبات، بەهەمانشێوە کۆمەڵیش بە شێوەیەکی توندوتۆڵ وابەستەی زمانەکەیەتی و هەوڵی پاراستن و مانەوەی دەدات، لەگەڵ پێشکەوتن و گەشەکردنیدا ئەویش پێشدەخات، هەر گۆڕانێك لە زماندا ڕوودات لەڕووی گەشەکردن یان قەدەغەکردن و پیشتگوێخستنی، کاریگەری لەسەر کۆمەڵ دەبێت و بیرکردنەوەکانی دەگۆڕێت، بۆیە زمانی دەوڵەمەند نیشانەی پێشکەوتوویی کۆمەڵە، بە پێچەوانەشەوە دواکەوتوویی کۆمەڵ یان داگیرکاری و ڕێگەگرتن لە گەشەکردنی, کاریگەری لەسەر زمان دەبێت و لە گەشەکردن ڕایدەگرێت (محەمەد، 2022: 4). هەر بەهۆی ئەو پەیوەندییەوەیە، کە دەتوانرێت لە ڕێگەی زمانەوە دەستبەسەر بیرکردنەوە و ناسنامەی کۆمەڵی خاوەن زماندا بگیرێت، بەهەمانشێوەش بە قەدەغەکردنی زمانی کۆمەڵێك، زمانەکە بەرەو لەناوچوون و مردن دەچێت، بەواتە (زمان چالاکییەکی مرۆییە و لەناو کۆمەڵدا بەکاردێت و تەنها لە ژینگەی مرۆییەوە گەشەدەکات، بەبێ کۆمەڵ ڕۆڵی نامێنێت، پلەوپایەی زمانیی هەر کۆمەڵێکیش لەوەوە دەردەکەوێت، کە ئەو زمانە سیستەمێکی دیاریکراوی ڕێزمانی بە دەستدەهێنێت و ئەو کۆمەڵەش ڕێز لەو سیستەمە دەگرن و پارێزگاری لێدەکەن (عەلی، 2005: 7). کۆمەڵیش ناتوانێت بەبێ زمان هەبێت، چونکە زمان ئامرازە بۆ لەیەکگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو، کە لە ڕێگەیەوە هەست و سۆز و ویست و ئارەزووەکانی خۆیان دەردەبڕن، ئەمەش بە پابەندبوون بە یاساکانی زمان و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن و ئەو دەربڕاوانەی لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردێن، هەروەها بە ڕەچاوکردنی نیشانە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو تەمەن و ڕەگەز و کارو پێشەی جیاواز و ڕۆشنبیری و خوێندەواری و کات و شوێن لە ئاخاوتندا، واتە زمان دەکەنە بنەما و هەڵسوڕینەری پێکەوە ژیانیان لە کۆمەڵدا، چونکە زمان لە جێبەجێکردنی هەموو چالاکی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا لە کاردایە، هەر لە (سڵاوکردن و بەیانی باش و جێخۆشکردن و مامەڵەکردن و ئاخاوتن لەگەڵ خەڵکانی ناسیاو و نەناسیاو لە بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و بۆنە ئایینی و فەرمییەکاندا، هەر بەهۆی زمانەوە بەسەر دەوروبەرماندا زاڵدەبین، لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا لە ڕێگەی تۆمارکردن لەناو ژیریی و بیرماندا، یان لە ڕێگەی نووسینەوە ئاین و کەلتور و ئەدەب لە لەناوچوون دەپارێزین و نەوە بۆ نەوە دەیگوێزینەوە، هەروەها لە ڕێگەی زمانەوە گوزارشت لە هەستەکانمان دەکەین و بیرەکانمان دەردەبڕین (خرما، 1978: 209-215)، بەهەمانشێوەش زمان ناتوانێت بەبێ کۆمەڵ لە کاردابێت، چونکە گرنگترین ئەرکی سەرەکی زمان هۆکاری پەیوەندی و لێکگەیشتنە، واتە زمان لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە و کۆمەڵ زمان هەڵدەسوڕێنێت و دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە و چۆنی بوێت ئاوا ئاڕاستەیدەکات، بۆیە هەموو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستەخۆ کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە، کە ئەمانەن (فەرەج، 2011: 8):

1. کاریگەرییە جێگیرەکان: بۆ نموونە (نەژاد، ڕەگەز، چینی کۆمەڵایەتی (باگراوندی کۆمەڵایەتی).
2. کاریگەرییە گۆڕدراوەکان: وەکو (خوێندن، تەمەن، ژینگەی کۆمەڵایەتی، هەڵوێستی ئاخاوتن، مۆدێلی قسەکردن).
3. کاریگەرییە هەنوکەییەکان/دەوروبەر: ئەمەیان پەیوەستە بە بارە کۆمەڵایەتییە هەنوکەییەکانەوە (کارکردن،ماڵەوە، کۆمەڵی ئاخێوەران...هتد).

لەم بۆچوونانەی سەرەوەوە دەردەکەوێت، کە زمان و کۆمەڵ پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا هەیە، زمان لەناو کۆمەڵدا کاردەکات و مرۆڤیش لە کۆمەڵەوە زمان فێردەبێت، هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە و بە پێچەوانەشەوە، زمان هەموو ئەرکەکانی لە کۆمەڵدا ئەنجام دەدات. واتە هەر گۆڕانێك کە لە کۆمەڵدا ڕوودات کاریگەری لەسەر زمان دەبێت و لەگەڵ خۆیدا زمانیش دەگۆڕێت، بۆیە گۆڕانکارییە زمانییەکان پەیوەستن بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە، (چونکە گۆڕانی کۆمەڵایەتیی، بەواتا گۆڕانی مەرجەکانی ژیان و فۆرمەکانی ژیان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، کە کاردەکەنەوە سەر زمان و زمانیش کاریان تێدەکات (کۆمەڵێك زمانەوان، 2009: 90)، واتە مرۆڤ بە سروشتی خۆی، گیانەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بە درێژایی سەردەمەکان پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و شارستانی ئەنجامداوە، لەگەڵ ئەوانی دیکەدا یەکتریان ناسیوە و گفتوگۆیان کردووە و سودیان لە شارەزای و ئەزموونی یەکتر بینیوە، پێکەوە ڕۆڵیان لە گۆڕان و گەشەپێدانی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا هەبووە) (الزيادى و سلمان، 2000: 62)، ئامرازی دەربڕینی ئەم گۆڕانانەش زمانە، چونکە زمان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دەوروبەردا و دەربڕینی بیر و گەیاندنی، کاردانەوەیەکی پێویستە، هەروەها زمان هەوڵیداوە بۆ دەربڕین و پاراستن و مانەوەیان تۆماری ئەو پێشکەوتنانە بێت ( حەسەن، 2008: 17)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو گۆڕانانەی، کە لە کۆمەڵدا لە ئەنجامی پێشکەوتنی شارستانییەتەوە ڕوودەدەن، دیاردە زمانییەکانیش لەگەڵیاندا دەگۆڕێن، بە جۆرێك (هەموو گۆڕانێك کە بە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دێت، لەگەڵ خۆیاندا چەندەها بیرو چەمکی نوێ دەهێننە کایەوە، کە پێویستیان بە دەربڕینە (سدیق،2011: 50)، چونکە گۆڕانە بەردەوامەکانی کۆمەڵ، کە لە ئەنجامی پێشکەوتنی شارستانییەت و بیرکردنەوە و تێڕوانینە نوێیەکانی مرۆڤ بۆ ژیان، ڕوودەدات، دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی بەردەوامی کۆمەڵایەتی و بیریی، کە لە داهێنانی پێویستییەکانی ژیان و بەلاوەنانی ئەو کەرەستانەی، کە مرۆڤ پێویستی پێیان نامێنێت، لێدەکەوێتەوە، لە ئەنجامدا چەندین کەرەستە و بیری نوێ سەرهەڵدەدەن، یان دەگۆڕێن، یان لەناودەچن. ئامرازی دەربڕینی ئەم گۆڕانانەش زمانە، واتە (زمان زۆر بە ڕوونی و وردی وێنە جیاواز و فرەلایەنەکانی ئەم گۆڕانانەی کۆمەڵمان بۆ تۆماردەکات، هەر لە شارستانی و بیروباوەڕ و سیستەم و ئاڕاستە هزری و ڕۆشنبیری و زانستی و هونەری و ئابورییەکان..هتد) (ضامن، 1989: 37)، بەهۆی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان زمان و کۆمەڵدا هەیە، مرۆڤ زۆرێك لە چالاکییەکانی هەر لە گوزارشتکردن لە بیروڕاو و دەربڕینی هەستەکانی و جیهانبینی، لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجامدەدات، هەروەها (کۆمەڵ هەر لە ڕێگەی زمانەوە پارێزگاری لە کولتور و دابونەریت و ڕۆشبیری و بەها کۆمەڵایەتییەکان...هتد دەکات، نەوە بۆ نەوە دەیانگوێزێتەوە و گەشەیان پێدەدات، هەر لە ڕێگەی زمانەوە پەیوەندیی ڕۆشنبیری و ڕامیاری و بازرگانی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە دەبەستێت، واتە لە ڕێگەی زمانەوە نەوەی نوێ فێری کولتور و بەهای کۆمەڵایەتی دەکرێت و بۆ چوونەناو کۆمەڵ

ئامادەدەکرێن) (هدسون، 1987: 172)، بەڵام ئەوەندەی کە کۆمەڵ کاریگەریی لەسەر زمان هەیە، زمان ئەوەندە ناتوانێت کاریگەریی بەسەر کۆمەڵدا هەبێت و خۆی بسەپێنێت، چونکە زمان بۆ مرۆڤە و مرۆڤیش بۆ پێوەندی لەناو کۆمەڵدا بەکاریدەهێنێت. کەواتە سروشتی وایە، بکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵەوە و بۆ مرۆڤ و لە خزمەتی مرۆڤدا بێت (عارف، 2012: 10).

هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییەکانی زمان و کۆمەڵ و کاریگەریی کۆمەڵ لەسەر زمانی ئاخاوتن دیاریدەکات، کە دەکەونە دەرەوەی سنووری کارکردنی زماناسییەوە و لە کاری زمانەوانییدا پەیوەست بە کۆمەڵەوە بەجێ هێڵدرابوون، بەکاری زانستی زمانی کۆمەڵایەتی دادەنرێن، کە زانستێکە هەوڵی دۆزینەوە و دەرخستنی ئەو بنەما و پێوەرە کۆمەڵایەتییانە دەدات، کە ڕەفتاری زمانەوانی بەڕێوەدەبەن، ئامانجیشی ئەوەیە، هەموو ئەو بابەتانەی، کە زمان پێی هەڵدەستێت و کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە و دەکەونە دەرەوەی کاری زمانەوانی، بخاتەڕوو، وەکو دۆزینەوە و دەرخستنی ئەو بنەما و پێوەرە کۆمەڵایەتییانەی، کە ڕەفتاری زمانەوانی بەڕێوەدەبەن، بە ئامانجی دووبارە بیرکردنەوە لەو بابەت و جیاوازییانەی، کە ڕێساکانی کاری زمانەوانی بڕیاری لەسەردەدەن، وەکو ڕوونکردنەوەی پێگەی زمان لە ژیانی مرۆڤدا، گرنگیدان بە سروشتی باری زمان و شێوازە جۆربەجۆرەکانی و چۆنیەتیی هەڵوێستی ئاخێوەر و گوێگر لە ئاخاوتندا (نهر، 1988: 24)، لەم ڕوانگەیەوە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی هەوڵی سەرەکی ئەوە دەبێت، کە بابەتی زمانەوانی فراوانتر بکات و وای لێبکات نەك هەر گوێ بداتە شیکردنەوەی زمان، بەڵکو ببیەستێتەوە بە قسەکەر و گوێگر و بابەت و ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی زمانەکەی تێدا بەکاردێت (فەتاح، 2010: 163).

## 2/1) گۆڕانی زمانی:

بە تێپەڕبوونی کات، لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانی بیر و پێشکەوتنی شارستانیەت و داهێنانە زانستی و تەکنەلۆژییەکان...هتد، زمانیش گۆڕانی بەسەردادێت ، بۆ ئەوەی دەربڕی پێویستییەکانی کۆمەڵەکەی بێت و لەگەڵ ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانەدا هەنگاوبنێ، واتە (زمان بەردەوام قەوارەی لە فراوانبووندا دەبێت، ئەمەش پێویستی و خواستی تێکڕای کۆمەڵ دەیهێنێتەئاراوە و پەسەنددەکرێت، واتە سروشتی گۆڕانی زمان لەوەدایە، کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵ بەشدارن لەو شێوازانەی، کە بە لەبار لای هەمووان دابنرێت و ئامانجی تێکڕای کۆمەڵ بهێنێتەدی. زمان ڕەفتاری وایە، کە بەپێی پرەنسیپی بەکارهێنانی هێزی کەم، یاخود ئیکۆنۆمی ڕێکدەخرێت (سالح، 2012: 29-30). لەبارەی گۆڕانی زمان دەبێت سێ ڕاستی لەبیرنەکەین (فتاح، 2011: 118-119):

1. هەموو زمانەکانی جیهان هەمیشە لە گۆڕاندان و لە توانای کەسدا نییە، ئەم گۆڕانە ڕابگرێت، یان کەمی بکاتەوە، یان بەتەواوی نەیهێڵێت، چونکە گۆڕان لەگەڵ هەڵکەوتی زمان خۆیدایە.
2. مەرج نییە گۆڕان زمان بەرەو تێکدان و هەڵوەشاندن و لەناوچوون بەرێت، لەوانەیە زمانەکە ئاسانتر بکات و وزەپارێزبێت.
3. گۆڕان بەپێی یاسا و دەستوور ڕوودەدات و لەخۆوە نییە، تەنها چەند جۆرێك گۆڕانیش لە زمانی مرۆڤدا ڕوودەدات.

ئەو گۆڕانانەی بەسەر زماندا دێت، هەندێکیان زمانین و لە هەناوی زمانەکە خۆیەوە دروستدەبن و پەیوەستن بە خودی سیستەمی زمانەکە خۆیەوە، کە (لە ئەنجامی پرۆسەی پێشکەوتنی زمان بەپێی یاسای گەشەسەندنی سروشتیی زمان، لە گرانییەوە بەرەو ئاسانیی دەجوولێت، وشەی درێژ کورتدەکرێتەوە، ڕستەی زۆر برگە کەمدەکرێتەوە بۆ تاك برگە (سالح، 2012: 25)، ئەم جۆرەی گۆڕان، ئارەزووی مرۆڤە بۆ وزەپاراستن، لە ڕێگەی ئاسانکردنی دەربڕینەوە، بە مەبەستی سوککردنی ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەر ئەندامەکانی ئاخاوتن، وەکو: تواندنەوە و کرتاندن و جیابوونەوە و جێگۆڕکێی دەنگەکان و بەرزبوونەوە و سووکبوونی واتا و گۆڕان لە ڕێزبوونی کەرەستەی ڕستە و پەیدابوون و لەناوچوونی ئامراز...هتد (فتاح، 2011: 129)، لە زمانی کوردیدا چەندین گۆڕان ڕوویداوە، گۆڕانەکانیش زیاتر لە پێناو ئابوورییکردن و پاراستنی وزە و خواست و پرکردنەوەی پێویستییەکانی ئاخێوەری زمانەکە بووە، گۆڕانە دەنگییەکانیش ئەمانەن: (تیاچوونی دەنگ، دەنگگۆڕکێ، جێگۆڕکێ، دروستبوونی دەنگی نوێ...هتد).نموونەکان بەڕوونی بنوسە

هەندێکی دیکە لە گۆڕانەکان نازمانین، کە بە هۆکارەکانی دەرەوەی زمان ڕوودەدەن، ئەم جۆرە گۆڕانانە پەیوەستن بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کۆمەڵدا دێت، بەدوایدا گۆڕانکاری لە زاراوەکان و پێکهاتەی زمانیشدا ڕوودەدات، تاوەکو لەگەڵ پێویستییەکانی ئەو کۆمەڵە بڕوات و کەلێنە زمانییەکانی ئاخێوەرانی پڕبکاتەوە، چونکە (هەر زمانێك بەرهەمهێنراوێکی ناوازەی نەتەوەیەکی دیاریکراوە، بە وردبوونەوە لە پێکهاتەی ناوەوەی زمان، دنیابینی و بیرکردنەوەی ئەو نەتەوەیە دەردەکەوێت، واتە گەشەکردن و پەرەسەندنی زمانێکی دیاریکراو ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە چۆنیەتی بیرکردنەوە و کولتور و تێڕوانینی گشتی ئەو نەتەوەیە بۆ ئەو زمانەی قسەی پێدەکەن (إفیتش، 2000: 64-67)، بە واتە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە ئەنجامی پێشکەوتن و پێکدادانی شارستانییەتەکان و گۆڕانی بیرکردنەوە و شێوازی ژیان و داهێنانی زانستی و تەکنەلۆژیا و ئابوری و خوێندن و گۆڕانە کولتوری و ڕۆشنبیرییەکان و تەمەن و ڕەگەز...هتد، دروستدەبن، ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر گۆڕانی زمان دەبێت و گۆڕانکاری بەسەردادەهێنن، چونکە زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کاریگەردەبێت و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر دەردەکەوێت، ئامرازی سەرەکی دەربڕینی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیانەش زمانە، ئەم گۆڕانە زمانیانەش، زمان بەرەو گەشەکردن و دەوڵەمەندبوون دەبەن و بە بەردەوامی فەرهەنگەکەی نوێدەکەنەوە و وشەی نوێی تێدەرژێنن، یان بەرەو سستبوون و مردن ئاڕاستەی دەکەن. گۆڕان لە هەموو ئاستەکانی زماندا بە پلە و ڕێژە و ماوەی خایاندنی جیاواز بۆ ڕوودانی، ڕوودەدات، هەرچەندە هەموو زمانێك کەرەستە و یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە، کە ئاخێوەرانی پێڕەوی دەکەن، بەڵام لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا بەپێی جۆری پێکهاتە زمانییە جیاوازەکان بە ڕێژەی جیاواز، گۆڕانیان بەسەردادێت. زمانی کوردی بەهۆی هۆکارە نازمانییەکانەوە چەندین گۆڕانی بەسەرداهاتووە، لەلایەکەوە بەهۆی گۆڕان و بیرکردنەوە و دنیابینی کۆمەڵی کوردەوارییەوە، چەندین بیری نوێ لە زمانەکەدا سەریانهەڵداوە، لەلایەکی دیکەشەوە بەشێکی زۆری ئەو کەرەستە و بیرە نوێیانەی خواستووە، کە لە زمانەکانی دیکەدا سەریانهەڵداوە.

## 3/1) زمان و کەلتور:

زمانی هەر میللەتێك بە تەنها بگرین، ئاوێنە و دەربڕی عەقڵ و هۆش و تێڕوانینی ئەو میللەتە خۆیەتی بەرامبەر بە سروشت و دەوروبەر، جیاوازە لە زمانی میللەتانی تر (سدیق، 2011: 39)، لەمبارەیەوە (ساپیر) دەڵێت: (زمان فاکتەرێکی کاریگەرە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەو زمانەی، کە لە ژینگەیەکدا دروست دەبێت، کارادەبێت و لە چوارچێوەیەکدا دەبێت، کە ئەو چوارچێوەیە بۆ جیهانی دەوروبەر بونیادنراوە، بەمەش بیرەکانمان ڕێکدەخات و هاریکارمان دەکات لە گونجانی لایەنەکانی وێنەکردنمان بۆ جیهان، بەمەش پەیوەندییەکەی نێوان زمان و کەلتور پەیوەندیەکی جێگۆڕ و

کاریگەرە لەوەی زمان کاریگەری دەکەوێتە سەر لە ئەنجامی پێشکەوتنی کۆمەڵ لەلایەک و لەلایەکی ترەوە لە کەتواری کۆمەڵدا کاردەکات و دەبێتە نیشانە بۆ ئەو کۆمەڵە (سلیم، ٢٠١٠: ١٢)، هەروەها (مالینۆفسکی)یش لەم بارەیەوە دەڵێت: (بە پشتگوێ خستنی پێشینە و کلتور و ڕەنگدانەوەیان لە زماندا ناکرێت لە زمان بکۆڵینەوە) (عەلی و حەمەئەمین،2006: 32). ئەو پەیوەندییەی لە نێوان زمان و کەلتوردا هەیە، لە لایەکەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە زمان دەستنیشانی ئەو ڕێگەیە دەکات، کە قسەکەری زمانەکە چی جۆرە وێناکردنێک بەرامبەر بە جیهانی دەوروبەری دروست دەکات، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی بەو یاسا و ڕێسایانەوە هەیە، کە کار لە بەڕێوەبردنی ئیش و کاری ڕۆژانەی کۆمەڵ دەکەن، کە ئەمەیان کەلتورە، ئەو کۆمەڵەی کەلتوری باوی تێدا پەیڕەودەکرێت، ئەوە دەستنیشانکەری ئەوەیە کەچی جۆرە شێوازێکی قسەکردنی تێدا بەکاربهێنرێت، پلەی زیادکردن و کزبوون و نەمانی ئەم شێوازەی قسەکردنیش بەستراوەتەوە بە جۆر و چەشنی ئەو کەلتورەی، کە لە ئەقڵ و هۆشی ئەندامانی قسەکەرانی میللەتێکدا هەیە (فەرەج، 2011: 27-28)، کەواتە بەهۆی ئەو سنوورەی کەلتوری کۆمەڵێکی دیاریکراو بۆ ئەندامەکانی دیاریکردووە، ناچاری جێبەجێکردنی یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی کردوون، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئاخێوەرانی بەپێی ڕەگەز و تەمەن و پێگەی کۆمەڵایەتی و کاروپیشەی جیاواز...هتد، لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکان و دەوروبەری ئاخاوتن، هەریەکەیان تێڕوانینێکی جیاوازیان بۆ ژیان هەبێت و بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە یەکتر و شێوازەکانی ئاخاوتنی یەکتری لەبەرچاوبگرن، چونکە گۆڕینی دابونەریتەکانی ڕەفتار و ئاخاوتنەکان کارێکی دژوارە، بەڵام لە بەرامبەردا ڕێزگرتن لە بیرورِا و شێوازەکانی ئاخاوتنی یەکتری کارێکی ئاسانترە، پەیوەست بە کەلتوری کوردی دەڵێن (سەرچاوەی پێشوو: 27-28):

1. میللەتی کورد هاوشێوەی میللەتەکانی تر کۆمەڵێك ڕێسای خۆنەریت و جێخۆشکردنی هەیە، کە لە بۆنە جیاوازەکاندا بە کاری دەهێنێت، بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی ئەم بۆنانە ئاینی، یان نەتەوەیی، یان خێزانیی...هتد بێت.
2. ئەگەر بە شێوەیەکی ئاسۆیی بڕوانرێتە خۆنەریتەکان، دەبینرێت لەو بۆنانەدا دەربڕینی زمانی جیاواز بە جیاوازی بۆنەکان بەکاردەهێنرێت، ئەمەش مرۆڤی کورد پابەندەکات جۆری دەربڕینەکانی بەپێی جۆری بۆنەکان هەمەڕەنگ بێت.
3. ئەگەر بە شێوەیی ستونی بڕوانرێتە ئەم خۆنەریتانە، دەبینرێت ڕێساکانی بە گۆڕانی کات دەگۆڕێت، واتە بەپێی گۆڕانی بیروبۆچوونی سەردەمەکان و پێوەرە هاوچەرخەکان و شارستانیبوون ئەم ڕێسایانە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر مەرج نییە جێگیربێت.

پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن وەکو دیاریدەیەکی زمانیی لەڕووی جۆرەوە لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا هەیە، بەڵام لەڕووی چۆنیەتی بەکارهێنانی یاسای پێوەرەکان و ئەو دەربڕاوانەی پەیوەستن پێیانەوە، لە کەلتورێکەوە بۆ کەلتورێکی تر جیاوازە، چونکە بنەمای دروستبوون و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی هەموو کۆمەڵێك بریتییە لە سیستەمێکی گشتی، کە چەندین جۆری تری لێ جیادەبێتەوە، پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکن لەو سیستەمە گشتییە، کە تایبەتە بەڕێوەبردنی گفتوگۆی نێوان تاکەکان لەڕووی ڕێکخستن و دابەشکردن و دادپەروەری لە بڕی قسە و نۆرەی قسەکردن و ڕێزگرتن...هتد لەنێوان ئەندامانی گفتوگۆیەك، چونکە (ژینگە کاریگەری لەسەر وشە و ڕەفتارە زمانییەکانی زمانبەکارهێن هەیە، بۆ نموونە لە کۆمەڵی کوردەواریدا، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، لەلای شارنشین و گوندنشین، کەم تا زۆرێك جیاوازی تێدا هەیە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە زماندا دەبێت، چونکە زمان خۆی دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە کۆمەڵیشدا کاردەکات (فەرەج، ٢٠٠٠: ١٧٤).


## 1/2) پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن:

هەموو کۆمەڵگایەك خاوەنی کۆمەڵێك یاسای کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆیانن، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانی ڕێکدەخات، مرۆڤیش زمان لە کۆمەڵگاوە وەردەگرێت و بەپێی یاسا زمانی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵەیە بەکاریدەهێنێت، پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانیش وەکو بەشێك لە یاسا کۆمەڵایەتییەکانی تری زمان، سیستەمی کۆمەڵایەتی و زمانی کۆمەڵگاکە دەپارێزن، ئەم پێوەرانەش بەپێی کلتوری کۆمەڵێکی دیاریکراو کۆمەڵێك یاسای کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆی ڕێکی دەخات، سەرجەم ئەندامانی ئەو کۆمەڵە ناچارن بچنەژێر ڕکێفییەوە و پێوەی پێوەستبن، کە لە بیرکردنەوە و ئەزموون و چۆنیەتی ڕێکخستنی پەیوەندیکردنی تاکەکانییەوە هەڵقوڵاوە، بۆیە (مرۆڤ کاتێک قسەدەکات یان قسەی بۆ دەکرێت، واتا و زانیاری و بیروڕاکان، کە قسەکان هەڵیانگرتووە، بە چوارچێوەی گەڕانەوەیدا تێدەپەڕێت، بە واتای دەگەڕێتەوە بۆ ئەو یاسا و نەریتانەی، کە لە خەزێنەی زانیاریەکانی جێگیربووە و بەشێک لە باوەڕی پێکدەهێنێت، ئەمەش وەکو پاڵێوەرێک کاردەکات و ئەو واتا و زانیاریانەی، کە لەگەڵ پێوەرە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگونجێن ڕێگایان پێدەدات و ئەوانەشی لەگەڵ پێوەر و نەریتدا ناگونجێن ڕێگایان پێنادات (عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٨: ٤٢). پێوەرەکانی ئاخاوتن بە ئامادەکراوی لە کەلتوری هەموو کۆمەڵێکدا هەیە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، فێربوونیشی لە کەلتوری کۆمەڵێکی دیاریکراودا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی منداڵ لەسەرەتای زمان پژانییەوە زمانی دایکی فێردەبێت، بۆیە دایکان بەیەکەم مامۆستای فێرکردنی زمان بە منداڵان و گوێزانەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دادەنرێن، کە جۆرە زمانێکە سەرەڕای زانستی زمان و ئەو بابەتانەی دەکەونە چوارچێوەیەوە، هەموو ئەو بابەتانەی دەکەونە چوارچێوەی زمانناسی کۆمەڵایەتییەوە لەخۆدەگرێت (فەرەج، 2011: 28). ئەگەرچی لە زۆربەی کەلتورە جیاوازەکاندا هاوبەشیەك یان لە یەکەوە نزیکییەك لە جۆری پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن هەیە، وەکو (زۆربلێی، دەنگبەرزکردنەوە...هتد)، بەڵام لە چۆنیەتی جێبەجێکردنیدا هەر کەلتورێك خاوەنی کۆمەڵێك یاسای تایبەت بە خۆیەتی، چونکە زمان ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتییە، بۆ نموونە کەلتوری کوردی لەگەڵ کەلتوری میللەتانی تری ڕۆژهەڵات لە هەندێک لایەنەوە هاوبەشن، ئەمەش لە ئەنجامی دراوسێیەتی یان ئاین و داگیرکارییەوەیە، سەرەڕای ئەمەش خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندێتی تایبەت بە خۆیەتی، کە لە کەلتوری میلەتانی تری جیادەکاتەوە.

لە کۆمەڵی کوردەواریدا ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەتینەی، کە لەنێوان تاکەکانیدا هەیە، هۆکارەکەی ئەوەیە، کە کۆمەڵێك پێوەری کۆمەڵایەتی ئاخاوتن، گفتوگۆکان کۆنترۆڵدەکەن و بوار بۆ دەربڕین و لەیەکتر گەیشتن لەنێوان تاکەکاندا دێننەئاراوە، سەرەڕای فەرهەنگێکی دەوڵەمەند لە وشە و زاراوە لە هەموو بۆنە و بوار و پێوەرە کۆمەڵایەتیەکانی ئاخاوتن، کە بەکارهێنانیان بەپێی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێن، کە (مەبەست لەو نیشانە کۆمەڵایەتییانەن، کە پلەوپایەی قسەکەر و چین وتوێژی و ئاستی ڕۆشنبیریی و پیشە و ڕەگەزی و تەمەنی و باری و خزمایەتیی و نزیکی و دووریی و یەکسانی و نایەکسانی، لەچوارچێوە کۆمەڵایەتییە زمانییەکەدا، بەپێی هەلومەرجە نابەرامبەرییەکانی دەسەڵات و هاوکاری، لەگەڵ گوێگردا لەڕێی وتنەوە، بەپێی دەوروبەر دیاریدەکەن (فەرەج، 2000: 142)، چونکە (خەڵك زمان تەنها بۆ گواستنەوەی بیر و هەست بۆ بەرامبەریان بەکارناهێنن، بەڵکو بە جۆرێك بەکاریدەهێنن تاوەکو بتوانن پێوەندییان لەگەڵ یەکتر بەباشی پەسنبکەن و شوناس بە خۆیان ببەخشن (عارف، 2012: 4)، بۆ نموونە

قسەكردنی كەسێكی خوێندەوار لە كەسێكی نەخوێندەوار ناچێت، هی خەڵكی شار لە لادێ ناچێت، هەروەها مرۆڤ لە هەریەك لەو تەمەنانەی، كە پێیدا تێدەپەڕێت لەگەڵیشدا زمانی ئاخاوتنی گۆڕانی بەسەردا دێت، سەرجەم تاكەكانیش بە ئاگاییەوە هەم بەپێی تەمەنی خۆیان و هەمیش بەپێی تەمەنی گوێگر زمان بەكاردەهێنن و پێوەرەكان نابەزێنن، هەروەها رەگەزی ئاخێوەریش رۆڵی لە چۆنیەتی بەكارهێنانی یاسا و پێوەرە كۆمەڵایەتییەكانی زمان هەیە، بۆ نموونە بەهۆی پێگە و ئامانجی جیاواز و بیركردنەوەی كۆمەڵگاوە، ژنان و پیاوان هەمان پێوەری كۆمەڵایەتی بە یاسای جیاوازەوە بەكاردەهێنن، سەرەڕای ئەمانەش ئەو گفتوگۆیانەی لە دامودەزگا فەرمییەكان و زانكۆ و شوێنە پیرۆزەكاندا...هتد ئەنجام دەدرێت، جیاوازە لە گفتوگۆیەك كە لە بۆنەیەكی نا فەرمیدا یان بازار و ....هتد ئەنجامدەرێت، ئەگەر لەلایەن هەمان تاكیشەوە بێت، بۆیە دەبێت قسەكەر دەربڕینەكانی بەپێی پێوەرە كۆمەڵایەتییەكانی قسەكردن دەربڕێت و لە گفتوگۆكاندا بەشداری بكات و هەڵسوكەوت و دەربڕینەكانی لەگەڵ كەلتوری ئەو كۆمەڵەدا تیایدا دەژێت بگونجێنێت، بە پێچەوانەشەوە رەچاونەكردنی یاسا و پێوەرە كۆمەڵایەتییەكانی زمان لەلایەن كەسێكەوە، دەبێتەهۆی سەرنەكەوتوویی لە گفتوگۆكان و تێكچوونی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی، ئەمەش كاریگەری نەرێنی لەسەر ئامانجی سەرەكی زمان دروستدەكات و ژیانی كۆمەڵایەتی كۆمەڵێكی دیاریكراو دەخاتە مەترسییەوە، چونكە (زمان خۆی رەفتارێكی كۆمەڵایەتییە، مرۆڤیش كە لە كۆمەڵێكی جەنجاڵی پڕ جموجۆڵدا بژیێ، ئەوا دەبێ كەسایەتییەكی تایبەت بەو باروبوویەرەی ببێت، لەو شوێنانەشدا، كە باری كۆمەڵایەتی جیاجیای تێدایە، مرۆڤ دەبێت وابێت، كە لەگەڵ كەسانی جۆراوجۆردا و بژی و هەڵبكات و لەگەڵ هەریەكەشیاندا پەیوەندیی كۆمەڵایەتیی جیاوازی هەبێت (فەرەج، 2000: 142)، بۆیە كاتێك تاك لە قسەكردنیدا یاسا زمانی و كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگاكەی جێبەجێكرد، رێزی لێ دەگیرێت و توشی سزاكانی كۆمەڵگا نابێتەوە.

پێوەرە كۆمەڵەیەتییەكانی ئاخاوتن وەكو بەشێك لە یاسا كۆمەڵایەتییەكانی زمان، نەك لە جۆر، بەڵكو لە چۆنیەتی جێبەجێكردنی یاساكانی لە گۆڕاندان، بەپێی نیشانە كۆمەڵایەتییەكانیش دەگۆڕێن **(بڕوانە هێڵكاریی ژمارە (1)**، بۆ نموونە ئەگەر وردبینەوە لە گفتوگۆی نێوان تاكە بە تەمەنەكان لە بەكارهێنانی یاساكاندا بە بەراورد بە گفتوگۆی تاكە گەنجەكان یان شێوازی قسەكردنی ژن و پیاو، بە روونی هەست بە گۆڕانی یاساكانی پێوەرە كۆمەڵایەتییەكانی قسەكردن دەكرێت، چونكە زمان خۆی رەفتارێكی كۆمەڵایەتییە، هەروەك چۆن گۆڕان لە رەفتاری تاكەكاندا لە شێوازی ژیاندا روویداوە، بە هەمان شێوەش گۆڕان بەسەر پێوەرەكانیشدا هاتووە.




**هێلكاریی ژمارە (1) چۆنیەتی بەكارهێنانی پێوەرکانی ئاخاوتن بەپێی نیشانە كۆمەڵایەتییەكانی ئاخاوتن**

**گرنگترین تایبەتمەندی پێوەرە كۆمەڵایەتییەكانی ئاخاوتن لە كەلتوری كوردیدا، ئەمانەن:**

1. لەڕووی جۆری پێوەرەكانەوە، لەگەڵ گروپ و نەتەوەكانی تری رۆژهەڵاتی ناوڕاست هاوبەشن یان لەیەكەوە نزیكن، بەڵام لە چۆنیەتی جێبەجێكردنی یاسای پێوەرەكان و ئەو دەربڕینانەی بەكاردەهێنرێن، خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆیانن.
2. لە ئەزموونی باوباپیرانەوە سەرچاوەی گرتووە و نەوە بۆ نەوە دەگوازرێنەوە.
3. هەر پێوەرێك كۆمەڵێك یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، سەرجەم تاكەكانی ناچارن بچنەژێر ركێفییەوە، هەر لادانێك لە یاسا و رێساكانی پێوەرەكان رەوتی گفتوگۆكان تێكدەدات و تاكە یاساشكێنەكان لەلایەن كۆمەڵەوە تووشی بەرەنگاربوونەوە دەبێت.

4. ڕۆڵێکی گرنگیان لە پتەوکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵەی کوردەواری هەیە.
5. لە ئاخاوتندا بەپێی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان و شێوازی دەربڕین و ناسیاوی نێوان ئاخێوەران و بابەتی گفتوگۆکە و دەوروبەری ئاخاوتنەکە دەگۆڕێت.
6. هەر گۆڕانێك کەبەسەر زماندا دێت، لە ئەنجامی گۆڕانی بیرکردنەوەی کۆمەڵگە بۆ ژیان، کە لە ئەنجامی پێشکەوتنی شارستانیەت و شێوازی ژیان و تەکنەلۆجیا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، گۆڕان بەسەر هەندێك لە یاسا و ڕێساکانی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتنیشدا دێت.

## 2/2) جۆرەکانی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن:

2/2-1) بڕی ئاخاوتن:

لە کەلتوری کوردیدا ڕەچاوی بڕی ئاخاوتنی ئاخێوەر لە گفتوگۆکاندا دەکرێت و پێوەری بۆ دانراوە، واتا هەموو ئەندامەکانی گفتوگۆکە مافی یەکسانیان لە ئاخاوتن هەیە، سەرەڕای گۆڕانیان بە پێی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم پێوەرەش دوو جۆرە:

### 2/2-1-1) زۆربڵێی/ زۆرگوتن:

بە بڕ و چەندێتی ئاخاوتنەوە بەندە، ئامانجی ئەم پێوەر ڕێکخستن و دابەشکردنی کاتی قسەکردنی نێوان ئەندامانی گفتوگۆکانە، پێویستی بە دادپەروەری لە بەکارهێنانی کات لە گفتوگۆکاندا هەیە، ئەگەر ئەندامێکی ئاخاوتن پەیوەستنەبوو بە کاتی خۆیەوە و نۆرەی ئەندامەکانی تری ئاخاوتنەکەی بۆ دەبڕینی پەیامەکانیان نەدا، ئەوە ئەم پێوەری چالاککردووە و کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەی ئاخاوتنەکە دروستکردووە، کە زۆرجار دەبێتەهۆی شێواندن و نەگەیشتنە ئەنجامی گفتوگۆکان، بۆیە پێویستە ئەندامانی ئاخاوتن بەپێی ئەو ڕۆڵەی لە گفتوگۆکاندا دەیگێڕن ئاگاداری کاتی قسەکردنەکانیان بن و سنورەکان نەبەزێنن.

لەناو کۆمەڵی کوردیدا پێویستە لەسەر قسەکەر و گوێگر بەپێی پێویست قسەبکەن و گوێ لە یەکتر بگرن، واتە بوار بە یەکتر بدەن بۆ بەشداریکردنی دادپەروەرانە لە بۆنەی گفتوگۆیەك، بۆیە زۆرگوتن بە کارێکی ناپەسەند و نەشیاوەکان دادەنرێت و هەرکەسێك بەکاریهێنا، ئەوە بە چەندین دەربڕین ناوی دەهێنرێت و هەوڵدەدرێت سنور بۆ کاتی گفتوگۆکەی دابنرێت، لەوانە:

- چەنەباز
- زۆربڵێ
- زۆر ئەڕێسێ
- درێژ دادڕ
- بەڕووی لە دەمدا تەقیوە.
- نایەڵێ کەس قسەبکات.
- مەجال کەس نادات قسەبکات.
- دەمی دەڵێی مەقەستە.
- یەك دەم و دوو گوێمان هەیە، بۆ ئەوەی کەم قسەبکەین و زۆر ببیستین.
- فرە وێژ
- هەرچی بەزاریدا/بەدەمیدا بێت، نایگێڕێتەوە.
- کەڵکی ئاوەدانی نییە.
- ماڵی ئاوابێ، نایەڵی کەس قسەبکات.

چەقاوەسووە...هتد.

### 2/2-1-2)کەمدوویی:

ئەم پێوەرەش پەیوەندی بە بڕی ئاخاوتنەوە هەیە، دەدرێتە پاڵ ئەو کەسانەی کەم قسە دەکەن، یان کەمتر بەشداری لە گفتوگۆکاندا دەکەن، ئەمەش دەکەوێتەسەر لایەنی کەسێتی تاك لەڕووی دەروونی و پێگە و نیشانەی کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها پەیوەندی نێوان ئەندامانی گفتوگۆکە لەڕووی ناسیاوی و بۆنەی گفتوگۆکە ڕۆڵدەبینێت، سەرەڕای ئەمانەش هەندێک لە مرۆڤەکان خۆیان ئارەزوویان لە کەمدووییە و لەکاتی پێویستدا نەبێت قسەناکەن، بەڵام ئەگەر کەسەکە بەبێ هیچ هۆکارێك لە هەموو گفتوگۆکاندا بەهەمانشێوە و بڕی ئاخاوتن بەشداری کرد، ئەوە کەسەکە بە کەمدوو دادەنرێت. لە کوردەواریدا کەمدوویی ناپەسەندە و کەسی کەمدوو بە دوورە پەرێز و خۆبەزلزان و نەزان دادەنرێت، چونکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵی کوردەواری پەیوەستە بە تێگەیشتن لە یەکتر و دوورکەوتنەوە لە دوورە پەرێزی، بۆیە لە کاتی تێکڵبوون و گفتوگۆکاندا تاکەکان سەرنجی خۆیان لەبارەی بابەتەکان دەخەنەڕوو، بۆیە کەمدوو بەم دەربڕاوانە پەسەندەکرێت:


- مێشی لە دەما تۆپیوە.
- ئاگای لە دنیا نییە.
- مێشکی میوانی نییە.
- دوورەپەرێز
- کەسێکی وشکە.
- دوو قسەمان بۆ بکە با زارت بۆگەن نەبێت.
- گەمژە و نەزان

- خۆبەزلزان
- لە خۆبایی
- لوتبەرز
- فیزاوی...هتد.

لە کاتێکدا قسەکەرێك یان گوێگرێك بە زۆربلێ یان کەمدوو دادەنرێت، کە بەبێ ڕەچاوکردنی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان پێوەرەکان ببەزێنن، بەواتا مەرج نییە قسەکردنی ئەندامێکی گفتوگۆ بە بڕی زیاد یان کەم قسەبکات، زۆربلێ یان کەمدوو بێت، چونکە بڕی ئاخاوتن لە گفتوگۆکاندا بەپێی ڕەگەز و تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و کاروپیشەی جیاواز...هتد دەگۆڕێت، یان زۆرجار کەمدوویی پەیوەندی بە خەمۆکی و دڵتەنگییەوە هەیە یان دەبێتە خوو لە کەسێکدا، بۆ نموونە لە کەلتوری کوردیدا ژنان لە پیاوان بە بڕی زیاتر قسەدەکەن، ئەمەش بەکارێکی ئاسایی دادەنرێت، بەڵام زۆربڵێیی پیاوان چ لەنێوان هاورەگەزەکانی خۆیان یان ڕەگەزی بەرامبەر بەکارێکی ناپەسەند دادەنرێت، هەر وەك لەم پەندانەدا دەردەکەوێت:

- دێی فرە کوێخا ئاوەدان نابێ
پیاوی زۆر بڵێ، نوکتەدان نابێ (پیرەمێرد، 2007: 51)
- پیاوی زۆربڵێ بۆ دۆزەخ بەرە
لەوێشدا ئەڵێ: دارەکەی تەڕە (سەرچاوەی پێشوو: 50)
- شاڕێ شایکەر لۆغەی دراوسێ
لە تازیەی ژنان سەرم دەئاوسێ (سەرچاوەی پێشوو: 55)
- پیاو کە زۆری وت، چاکیش ئەڵێ و خراپیش ئەڵێ. (خاڵ، 1980: 138)

ئەمەش لەلایەکەوە پەیوەندی بەلایەنی بایلۆجییەوە هەیە، کە ژنان زیاتر لە پیاوان توانای ئاخاوتنیان هەیە، چونکە (تێکڕای قسەکردنی ژنان لە ڕۆژێکدا (20000) وشەیە و توانای بەکارهێنانی (3000-2000) جۆر لە دەنگی جیاجیای وشەکانیان هەیە، بەڵام پیاوان تەنها توانای بەکارهێنانی (4000 -2000) وشە و دەربڕینی (3000-1000) جۆر دەنگیان هەیە، بۆیە ژنان توانای قسەکردنیان زیاترە، هەروەها ژنان هەردوو بەشی مێشکیان بەکاردێنن بۆ قسەکردن بە پێچەوانەی پیاوانەوە، کە تەنها لای چەپیان بەکاردێنن (عەبدول محەمەد، 2003: 42)، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی بە پێگەی کۆمەڵایەتی ژنەوە هەیە، بۆ نموونە لە کەلتوری کوردیدا پیاو پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتێکی زیاتری لە ژن پێدراوە و لەو گفتوگۆیانەی، کە هەردوو ڕەگەز بەشدارن تیایدا، بە بڕی زیاتر قسەدەکەن، بە پێچەوانەشەوە ژنان لەکاتێکی گفتوگۆی هاورەگەزیدا بە بڕێکی زیاتر لە پیاوان قسەدەکەن، یان ئەو ژنانەی ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیریان بەرزە، ئەگەر بواریان پێبدرێت و لە گفتوگۆیەکاندا ئازادبن و مافی قسەکردنیان هەبێت، ئەوە بە بڕی زیاتر لە پیاوان قسەدەکەن، لەرووی تەمەنیشەوە کەسانی بەتەمەن لە هەمبەر گەنجان مافی قسەکردنی بە بڕی زیاتر هەیە و دەست بەسەر گفتوگۆکاندا دەگرن، بە تایبەتی لەنێوان ئەو تاکانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لە ئاستێکی بەرزدایە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێزەی، کە لە بەتەمەنەکان دەگیرێت، بەڵام کاروپیشەی جیاواز گۆڕانکاری بەسەر ئەم هاوکێشەیەدا دەهێنێت و ڕەچاوی تەمەن ناکرێت و بڕی ئاخاوتنیان گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ نموونە ئەگەر مامۆستایەکی ئاینی یان کەسێکی شارەزای بوارێك یان کەسێکی بە ئەزموون با لە تەمەنیشدا لە کەسانی تری گفتوگۆکاندا بچووکتر بێت، بواری ئاخاوتنی زیاتری پێدەدرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری لایەنی کۆمەڵایەتی و ئاینی و خوێندەواری، چونکە ڕێز لەو کەسانە دەگیرێت و بۆچوونەکانی بەهەند وەردەگیرێت، بۆیە ئاساییە بە بڕی زیاتر قسەبکەن. بەشێوەیەکی گشتی لە کەلتوری کوردیدا هەر نایەکسانییەك لە بڕی ئاخاوتنی قسەکەر و گوێگردا روودبات بەبێ ڕەچاوکردنی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان، بە کارێکی ناپەسەند دادەنرێت و کەسەکە لەلایەن کۆمەڵەوە سزای کۆمەڵایەتی دەدرێت **(بڕوانە هێڵکاری ژمارە (2)**.




**هێڵکاری ژمارە (2) بڕی ئاخاوتن لە زمانی**

**2-2/2)نۆرەی ئاخاوتن:**

ئەم پێوەرە تایبەتە بە ڕێکخستنی نۆرەی ئاخاوتنی نێوان بەشداربوانی گفتوگۆ، لە دوو جۆر پێکدێت:

**1-2-2/2) نۆرەگرتن/ نۆرەگیری:**

مەبەست لە نۆرەگیری ئاخاوتن ئەوەیە، کە ئەو کەسانەی بەشدارن لە گفتوگۆیەکدا، دەشێت دوو کەس یان زیاتر بن، هەریەکەیان بە نۆرە ڕۆڵی قسەکەر و گوێگر لەنێوان خۆیاندا بگۆڕنەوە، کاتێك کەسێك قسەدەکات ئەوانی تر ڕۆڵی گوێگر ببینن کە تەواویش بوون، قسەکەر دەبێت بە گوێگر و بە پێچەوانەشەوە گوێگر دەبێت بە قسەکەر.

لە کەلتوری کوردیدا هەموو ئەندامانی گفتوگۆیەك كە بیانەوێت قسەبکەن، بە نۆرە ڕۆڵی قسەکەر و گوێگر لەنێوان خۆیاندا دەبینن، واتە هەم ڕۆڵی قسەکەر و هەم ڕۆڵی گوێگریش دەبینن، هەر نایەکسانییەك لەم ڕۆڵگۆڕینەدا ڕووبدات، مافی نۆرەی ئاخاوتن لە ئەندامانی تری گفتوگۆکە زەوتبکرێت، ئەوە بە کاریکی ناپەسەند دادەنرێت، بەڵام ئاساییە قسەکەرێك لە نۆرەی قسەکردنی خۆیدا زیاتر قسەبکات. هەندێکجار ئاخێوەر لەکاتی نۆرەی ئاخاوتندا، چەند پرسیارێك ئاراستەی گوێگر دەکات، لەلایەکەوە دەیەوێت درێژە بە قسەکردنەکەی بدات، لەلایەکی تریشەوە دەیەوێت ئەوە بزانێت، کە ئایا گوێگر ئاگای لێیەتی؟ وەکو:

- هاوڕایت؟
- وایە یان نا؟
- لەگەڵمایت؟
- تێگەیشتی؟...هتد.

هەروەها گوێگریش چەند دەربڕاوێك بە مەبەستی گرنگیدان بە گفتوگۆی قسەکەر و درێژەدانی بە نۆرەی گوێگرتن بەکاردەهێنێت، وەکو:

- وایە.
- بەڵێ.
- گویم لێتە.
- ڕاستە.
- چاکتکرد.
- قسەتە.
- ئەها.
- جوانە.
- قسەی تۆیە.
- دەستخۆش.
- دەم خۆش ...هتد.

**2-2-2/2) قسەپێبڕین:**

بڕتییە لە لادان لە یاساکانی نۆرەی ئاخاوتنی نێوان دوو کەس یان زیاتر، بەوەی گوێگر دەست بە قسەدەکات بەبێ ئەوەی قسەکەر کۆتایی بە گفتوگۆکەی هێنابێت و نۆرەی تەواوبووبێت، واتە ئەگەر بەشداربووانی گفتوگۆکە هەریەکەیان بە نۆرە ڕۆڵی قسەکەر و گوێگریان نەبینی و هەریەکەیان مافی ئەوی تریان پێشێلکرد و قسەیان بە یەکتر بڕی، ئەوە پێی دەگوترێت نۆرەبڕین، کە بۆ دوو مەبەستە:

1. نارازیبوون و بەرپەرچدانەوەی قسەکەر.
2. هاندان و ڕوونکردنەوەی زیاتر و دەوڵەمەندکردنی وتەکانی قسەکەر.

بەڵام ئەگەر گوێگر بەمەبەست ئاخاوتن بە قسەکەر ببڕێت، ئەوە بەهۆی ئەم هۆکارانەوەیە (عەبدولڕحمان، ٢٠٠٨: ٤٥):

١-لێنەهاتوویی گوێگر لە بواری پەیوەندیکردندا.
٢-بەرزی دەسەڵات و و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی گوێگر.
٣-زۆربڵێیی قسەکەر، کە کایە بە بە گوێگر نادات.
٤-بریندارکردنی هەستی گوێگر لەلایەن قسەکەرەوە، واتە قسەکانی هەڵگری بەهای دیارکراوبن، کە خاڵی لاوازی گوێگر بوروژێنێت.

لە کۆمەڵی کوردەواریدا نۆرەبڕی بە ناپەسەند دادەنرێت و کەسەکە ڕووبەڕووی سزای کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، بۆیە ئەگەر گوێگر بیەوێت بە مەبەست و بە ڕێزەوە قسە بە قسەکەر ببڕێت، ئەوە چەند دەربڕاوێك بەکاردەهێنێت، وەکو:

- ئەگەر دەرفەتم بدەیت.
- بە یارمەتیت.
- وای بۆدەچم.
- پێموایە.
- دەزانی چۆن.
- من پێموایە...هتد.
- قسەکەت لە دەمتدا (بە شەکربێت/ بە شەکر دەبڕم).
- قسەی خۆت لە (بیرنەچێت/بیر بێت).
- یارمەتی منیش بدە قسە بکەم.
- قەوسێکم بدەرێ ...هتد.

بەهۆی نایەکسانی ڕۆڵ و پێگەی ژن و پیاو لە کەلتوری کوردیدا، پیاوان زیاتر قسە بە ژنان دەبڕن و هەمیشە قسەکەری یەکەمن، زۆرترین نۆرەشیان لە گفتوگۆکەدا هەیە، ئەمەش بە کارێکی ئاسایی دادەنرێت، چونکە باڵادەستی پیاو و دەستکورتی ژن لە کۆمەڵی پیاو سالاریدا، دەبێتەهۆی ئەوەی پیاوان هەمیشە لە گفتوگۆکاندا قسەکەری یەکەم بن و ژنانیش ببنە گوێگری ئەوان، هەروەها ژنان زیاتر لە پیاوان هەوڵی ڕاکێشانی سەرنجی بەرامبەر دەدەن بۆ گوێگرتن لە قسەکانیان، لە هەمانکاتیشدا لەلایەن پیاوانەوە قسەکانیان جەختی لەسەر ناکرێتەوە (مجدی اصل، 1389: 209)،

بەپێچەوانەشەوە لەبەرئەوەی ژنان لە کۆمەڵدا قسە بە پیاوان نابڕن، چاوەڕوانی نۆرەی خۆیان دەکەن، بۆیە قسەپێبڕینی پیاوان لەلایەن ژنانەوە کارێکی نەگونجاوە رووبەرووی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، نەك تەنها لەلایەن پیاوانەوە، بەڵکو لەلایەن هاوڕەگەزەکانی خۆشیانەوە. زمانزان (Tannen) ئەوە دەردەخات، کە پیاوان بە خۆشحاڵییەوە ئەوە قبوڵدەکەن، کاتێك لەلایەن ژنانەوە لەکاتی گفتوگۆدا بە بەکارهێنانی دەستەواژەکانی پشتگیریکردن و ڕازیبوونەکانی وەکو: (ڕاستە، بەڵێ، وایە ...هتد) بپچڕێن، چونکە ئەزانن، کە ئەمانە نابێتەهۆی ئەوەی ماوەی قسەکردنی تەواوبێت و لە بابەتە سەرەکیەکەی لانادەن، زۆر تورەش دەبن لەکاتی گفتوگۆکردندا قسەیان پێببڕێت، چونکە پیاوان گفتوگۆکردن وەك پێشبرکێیەك بەکاردەهێنن، هەموو تواناىەك دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی دەست بەسەر گفتوگۆدا بگرن و ئاڕاستەی گفتوگۆکە بە هەر ئاڕاستەیەکدا ببەن، کە ئارەزووی دەکەن، هەوڵی ئەوەش دەدەن ببن بە قسەکەری یەکەم، ئەویش بەگێڕانەوەی بەسەرهات و چیرۆك و بەخشینی زانیاری ( **(Mesthrie,Swan,Deumert,L.Leap,2000, P227**، هەروەها بە تەمەنەکان و خاوەن پلەوپایە کۆمەڵایەتییە بەرزەکان...هتد، زیاتر قسە بە گەنج و ئەوانی تر دەبڕن، ئەمەش بەکارێکی ئاسایی دادەنرێت، هەر چەندە لە ئێستادا جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو، بەهۆی گۆڕان و بیرکردنەوەی کۆمەڵەوە، تارادەیەک جیاوازی بەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاسای پێوەرەکاندا هاتووە، هەروەها لەو گفتوگۆیانەی، کە ئەندامەکانی ئاستی خوێندەواری ڕۆشنبیرییان بەرزە، بەبێ جیاوازی ڕەگەز و تەمەن و پلەوپایە...هتد، کەمتر قسە بە یەکتر دەبڕن و هەریەکەیان چاوەڕوانی نۆرەی قسەی خۆیان دەکەن، بە واتا تاوەکو ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە بڕوات، نۆرەبڕین لە گفتوگۆکاندا کەمتر دەبێتەوە، بە پیچەوانەشەوە.

### 3-2/2) ئاخاوتنی بەڕێزانە:

ڕێزگرتنی زمانی هۆکارێکی گرنگە بۆ پتەوکردنی پێوەندییەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر و سەرکەوتن لە گفتوگۆکاندا، ئەمەش پەیوەستە بە پەیوەندی نزیکی و دووری خزمایەتی و پلەی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانەوە، بە گشتی لە هەموو کەلتورەکاندا خەڵکی ئارەزویان بە ڕەفتاری زمانی جوان و بە ڕێزانەیە، بەواتا ڕێزگرتن (ڕەفتارێکی زمانیی خۆویستانەیە و یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمان، بۆ درێژەپێدانی پێوەندییەکان پێویستە، ئەمەش لە ڕێگەی جوانڕەفتاری و نەرمونیانی و شێوازی دەربڕینی گونجاو لەلایەن قسەکەرەوە بە مەبەستی ڕزگاربوون لە بارگرژی و ململانێ لە پێوەندییە کەسییەکاندا (حەمەڕەشید مەعروف ، 2012: 14).

لە کەلتووری کوردیدا بەکارهێنانی وشەکانی تایبەت بە خزمایەتی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و نازناو و کار و پێشە و کەرەستەکانی بانگکردن و دەربڕاوە فەرمییەکان، نیشانەن بۆ گرنگیدانی ئەم کەلتورە بۆ بەڕێزانەئاخاوتن، وەکو (کاکە، مامە، خاڵۆ، خاتوون، خوشکێ، دادە، کاك شێخ، حاجی مەلا، مامۆستا، دکتۆر، بەڕێز، جەنابی ...هتد)، هەروەها بەکارهێنانی چەندین دەربڕاو لەکاتی دەربڕینی تابوەکان و پەردەپۆشکردنی واتا ناپەسەندەکانیان، وەکو: (دوور لە ڕوتان، حاشا حازری، بیلامانا، پەرژینێکی قایم بێت، شەرع شەرمی نییە، عەیب نەبێت، ئیوەش وەکو برامن/خوشکمن...هتد)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ئاین و دابونەریتی کۆمەڵی کوردەواری، کە لە گفتوگۆکاندا چی بە زمانی ئاخاوتن بێت یان هێمای نازمانییەکان، ڕێز بەرامبەر یەکتر دەنوێنن، بۆ نموونە بە کاریگەری ئایینی ئیسلام، کە ئاماژە بۆ گەورەیی و پیشاندانی ڕێز بەرامبەر بە تەمەن و خاوەن زانستەکان دەکات، یان بە کاریگەری لایەنی کەلتوریی، کە ڕێزی لە پلەوپایە کۆمەڵایەتییە بەرزەکان دەگیرێت، ئەمەش لە گفتوگۆکاندا ڕەنگیداوەتەوە، بۆیە ئەو کەسانەی کە بەڕێزەوە قسەدەکەن بە چەند دەربڕینێك پەسندەکرێن، وەکو:

- حەزدەکەی قسەی لەگەڵدا بکەیت.
- زمان شرینە.
- قسەی ڕێزی لێدەبارێت.
- زمان پاکە.
- (قسە/ زمان)زانە.
- بەگفت و لفتە.
- قسە خۆش...هتد.

بە پێچەوانەشەوە بێڕێزیکردن لە گفتوگۆکاندا، بەکارێکی ناپەسەند دادەنرێت و تاکەکان تووشی سزای کۆمەڵایەتی و جەستەیی دەکاتەوە و بە چەند دەربڕاوێک پەسندەکرێن، وەکو:

- زمان شڕە.
- بێڕیزە.
- (دەم/زمان) پیسە.
- قسەڕەق
- کەڵکی ئاوەدانی نییە.
- بەکاری ئەوە نایات دەم بخەیتەدەمی.
- مەیدوێنە نازانێ قسەبکات...هتد.

لە کۆمەڵی کوردیدا بەپێی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت، ئاخاوتنی گەنج هەمبەر بە هاوتەمەن و بە تەمەنەکان بە هەمان شێواز نییە، ئاخاوتنی خوێندکارێک بەرامبەر بە مامۆستاکەی ڕێزی زیاتری تێدایە، یان کەسێک لە بەرامبەر گەورەکە لەڕووی کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەوە جیاوازە لە خەڵکی ئاسایی. لەڕووی ڕەگەزی قسەکەریشەوە، ژنان زیاتر لە پیاوان ڕێزی بەرامبەرەکەیان دەگرن، ئەمەش بە ئامانجی بەرزکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی و پارێزگاریکردن لە خۆیان بەکاردەهێنن، لەو یاسا و ڕێسا ئایینی و کۆمەڵایەتییانەش دەرناچن، کە کۆمەڵ بۆی دیاریکردوون، هەروەها کۆمەڵی کوردەواریش هێمنی و لەسەرخۆیی و بێدەنگی و دانبەخۆداگرتن و ڕەفتاری بەڕێزانەی لە ژنان دەوێت، بۆیە لە کوردەواریدا وتەیەک هەیە کە دەڵێت:

- ژنی شەرمن شارێک دێنێ و پیاوی شەرمن شانەیەک ناهێنێ.

### 4-2/2) دەنگ بەرزکردنەوە:

دەنگ بەرزکردنەوە لە گفتوگۆكاندا، یەكێكە لەو هۆكارانەی، كە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی نێوان تاكەكان لاوازدەكات، چونكە دەبێتەهۆی پێشێلكردنی كەسێتی گوێگر، ئەمەش ئەوكاتە دەبێت، كە لەكاتی گفتوگۆدا تۆنەكانی دەنگی قسەكەر لە ڕەوتی ئاسایی خۆیی بەسەر گوێگردا بەرزدەكرێتەوە بۆ باشتر گەیاندن یان ترساندن و سەپاندنی بیروبۆچوونەكان. واتە (ئاوازەی قسەكەر لە دیاریدەی ڕێزگرتنی زمانیدا ڕۆڵێكی گرنگی هەیە، چونكە واتای جیاواز لە هەمان ڕستە دێنێتەئاراوە، لە كەلتوری كوردیشدا لەكاتی قسەكردندا دەنگ بەرزكردنەوە، كە بە واتای چاوترساندنی بەرامبەر و خۆزاڵكردن و بێنەزاكەتی و بیرێزی دێت، بە كارێكی ناپەسەن دادەنرێت (سەرچاوەی پێشوو: 121).


لە ناو كەلتوری كوردەواریدا دەنگ بەرزكردنەوە كارێكی ناپەسەندە و بە بێڕێزیكردن دادەنرێت، ئەمەش لەلایەكەوە پەیوەندی بە پلەوپایەی كۆمەڵایەتی و تەمەن و ڕەگەز و پلەوپایەوە بۆنەی ئاخاوتنەكەوە هەیە، لەلایەكی تریشەوە پەیوەندی بە كات و شوێن و كەس و بابەت و دەوروبەری ئاخاوتنەكەوە هەیە، بۆیە دەبێت قسەكەر ڕێز لە بەرامبەرەكەی بگرێت و پابەندی بۆنە و پێوەر و دابونەریتەكانی كۆمەڵگا بێت ڕەچاوی پلەی دەنگ و ئاوازی قسەكردنەكەی بكات و دەنگ بەسەر گوێگردا بەرزنەكاتەوە، بە پێچەوانەوە بە كارێكی ناپەسەند دادەنرێت و گوێگر بەم دەربڕینانەی خوارەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە:

- شیرەشیر مەكە.
- سەرمان مەیەشێنە.
- هاتوهاوارمان بەسەر مەكە.
- دەنگت بەرز مەكەرەوە.
- مێشكمان چوو.

مەرج نییە هەموو دەنگبەرزكردنەوەیەك بە بێڕێزیكردن دابنرێت، بۆ نموونە وتاربێژێكی ئاینی بۆ زیاتر گەیاندنی بابەتەكەی یان سیاسەتمەدارێك بۆ وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی یان گەیاندنی پێڕەو و پرۆگرامێكی سیاسی بەدەنگی بەرز قسەدەكەن و لە كۆمەڵدا بەكارێكی ئاسایی دادەنرێت، لەڕووی تەمەنەوە ئەوانەی، كە تەمەنیان كەمترە نابێت دەنگ بەسەر ئەوانەدا بەرزبكەنەوە كە لە خۆیان گەورەترن، هەروەها دەنگ بەرزكردنەوەی ژنان بەسەر پیاواندا ڕێگەپێنەدراوە، چونكە كۆمەڵ ڕۆڵی جیاوازی بۆ هەریەكە لە ژنان و پیاوان داناوە، ئەم ڕۆڵەش لەگەڵ گۆڕانكارییەكانی كۆمەڵدا دەگۆڕێت و تاكەكانی ئەو كۆمەڵەیەش ئاگایی تەواویان لەسەر ئەو گۆڕانانە هەیە. هەتاوەكو ڕۆڵی كۆمەڵایەتی ژن و پیاو لە كۆمەڵدا جیاوازتر بێت، ڕەفتاری جیاوازیان دەبێت، ئەم ڕەفتارانەش بە زمان دەردەبڕێن، بۆیە لەگەڵیاندا دەربڕینە زمانییەكانیش جیاواز دەبن (مدرسی، 1368: 211)، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، كە هەرچەندە پیاوان هەندێكجار دەنگ بەسەر ڕەگەزی بەرامبەردا بەرزدەكەنەوە بە كارێكی پەسەند دابنرێت، بەڵام ڕووبەڕووی ئەو دژایەتییە نابنەوە هەمبەر بە ژنان، بۆیە ژنان هەوڵدەدەن لەكاتی قسەكردندا دەنگیان بەرزنەكەنەوە، هەرچەندە ئێستا بەهۆی گۆڕانی بیركردنەوەی كۆمەڵ و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و تێكلاوبوونی هەردوو ڕەگەز، تارادەیەک لەلای چەند چینێكی دیاریكراو، گۆڕان بەسەر ئەو بیركردنەوانەدا هاتووە، ژنان و كچان وەكو پیاوان و كوڕان لە گفتۆكاندا بە دەنگی بەرز قسەدەكەن، چەندان ئافرەت گۆرانی دەڵێن یان لە بابەتە كۆمەڵایەتی و ڕامیارییەكاندا بە دەنگی بەرز وتار پێشكەشدەكەن یان لە زانكۆدا شانبەشانی كوڕان گفتوگۆ دەكەن، هەروەها چەندین بێژەر و پێشكەشكاری بەرنامە تەلەفزیۆنییەكان ژنن، لێرەدا مەبەست لە دەنگ بەرزكردنەوەكەیان بەسەر گوێگردا نییە و ئەوە ناگەیەنێت، كە پێشێلی سنورەكانی پێوەرەكانی قسەكردنیان كردووە، بەڵكو نزیككردنەوەی  شێوازی قسەكردنیانە لە شێوازی قسەكردنی پیاو، كە بەهۆی دەسەڵاتی پیاوسالارییەوە لێیان زەوتكرابوو، بەڵام دەنگ بەرزكردنەوە بە مەبەستی ترساندن و بێ دەسەڵات پیشاندانی گوێگر لەلایەن هەر ڕەگەزێكەوە بێت بە كارێكی ناپەسەند دادەنرێت.

### 5-2/2)دەربڕینی ناڕاستەوخۆ:

بە ناڕاستەوخۆ دەربڕین بە یەكێك لە پێوەرە گرنگەكانی قسەكردن دادەنرێت، چونكە بواری پاشگەزبوونەوە لە بەردەم گوێگر واڵادەكات و ڕێگرە لە تێكچوونی گفتوگۆكان و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانیش دەپارێزێت، ئەمەش بریتییە لەوەی قسەكەر لەكاتی دەربڕینی بیروبۆچوونەكانیدا، نەیەوێت ڕاستەوخۆ ئەوەی مەبەستێتی بیگەیەنێت، ئەمەش بەهۆی كۆمەڵێك هۆكارەوەیە، كە پەیوەندی بە كەسی قسەكەر و بابەتی قسە لەسەركراو هەیە، بەم ڕێگەیە قسەكەر دەتوانێت خۆی لە هەر كاردانەوەیەك بپارێزێت، چونكە قسەكەر لەكاتی ڕووبەڕووبوونەوەی بیروبۆچوونەكانی لەلایەن گوێگرەوە، بە لای كەمەوە دوو ئەگەری لە بەردەستدایە، بەوەی بە ڕێگای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دوو مەبەست بە گوێگر دەگەیەنێت، گوێگریش یەكێكیانی بەلاوە پەسەنددەبێت و دژی ئەوی تریان دەوەستێتەوە **(بڕوانە هێڵكاریی ژمارە (3)**.




**هێڵكاریی ژمارە (3) ناڕاستەوخۆ دەربڕین**

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو بۆچوونانەی، کە واتای تریان لە هەناودا هەڵگیراوە، کە ڕاستەوخۆ دەربڕینی کاریگەری دەروونی ناخۆش یان کاردانەوەی گوێگری بەدوابێت، دەبێت بە ناڕاستەوخۆ دەبڕێت.

لە کەلتوری کوردیدا ڕاستەخۆ دەربڕینی هەندێک بابەت، کە کاریگەری نەرێنی ڕاستەوخۆ بکاتە سەر گوێگر، بە کارێکی ناپەسەند دادەنرێت و کەسەکە بە چەند دەربڕاوێک پەسندەکرێت، وەکو:

- قسەی دەم خۆی نازانێت.
- دەمشڕە.
- هەرچی بە زاریدا بێت، نایگێڕێتەوە...هتد.

هەروەها بابەتەکانی وەکو: (نەخۆشی و ترس و شەرم و جنس و جنێو و تابوو...هتد)، ڕاستەوخۆ بێپەردە دەرنابڕێن، بۆ نموونە لە جیاتی وشەی (مردن)، کە بارێکی دەروونی ناخۆشی هەڵگرتووە، چەند دەربڕینێکی تر بەکاردەهێنرێت، کە هەمان مەبەست و واتای وشەی مردنیان هەیە، وەکو:

- لە دنیا دەرچووە.
- کۆچی دوایکردووە.
- قەزاوبەڵای ئێوەی بردووە.
- ئەمری خوای کردووە.
- فەرمانی خوای بە جێهێناوە.

لەکاتی خوازبێنیشدا بە ناڕاستەوخۆ داوای کچ لە ماڵی باوکی دەکرێت و چەند دەربڕینێک بەکاردەهێنرێت، کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ سەرکەوتنی گفتوگۆکە، وەکو:

- ژنهێنان و شووکردن سونەتی ژیانە.
- کچەکەتان بکەن بە کچی ئێمە.
- گەورەمان دەکەن ئەگەر بە خزمی خۆتانمان قبوڵبکەن.
- ئێمە بۆ کاری خێرهاتووین...هتد.

ناڕاستەوخۆ دەربڕین یەکێکە لەو تەکنیکە گرنگانەی شێوازی قسەکردنی پیاو لە ئاخاوتندا لە ژن جیادەکاتەوە، چونکە ژنان لە کۆمەڵی کوردەواریدا لە ئاخاوتنندا هەرگیز نایانەوێت بۆچوونەکانی خۆیان بە زەقی دەربڕن، بۆ نموونە بۆ ئەوەی بێپەردە وشەیەکی وەکو خۆشەویستی (دڵداری) بەکارنەهێنن، ناڕاستەوخۆ چەند دەربڕاوێکی تر بەکاردەهێنن، کە ئاماژەن بۆ هەمان واتا، وەکو:

- بۆ یەک گونجاون.
- ئەیەوێ بیهێنێ.
- حەزیان لە یەکتر کردووە.
- دڵیان بەیەکەوەیە...هتد.

## ئەنجامەکان

1. لە زمانی کوردیدا چەندین جۆر پێوەری کۆمەڵایەتی ئاخاوتن هەن، کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە ڕێکخستنی گفتوگۆکاندا و پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکان هەیە، دەکرێن بە پێوانەیەك بۆ هەڵسەنگاندن و دەرخستنی کەسێتی بەشداربووانی گفتوگۆیەک.
2. چۆنیەتی بەکارهێنانی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن وەکو بەشێک لە یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمان بەپێی گۆڕانی بیرکردنەوەی کۆمەڵ وئاستی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی شارستانیەتەوە، لە گۆڕاندان.
3. زمانی کوردی سەرەڕای هاوبەشی و لەیەکەوە نزیکی لە جۆری پێوەرەکان لەگەڵ کەلتوورەکانی تری دراوسێ و ڕۆژهەڵات، بەڵام لەڕووی چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاساکان و ئەو دەربڕاوانەی، کە لە پێوەرەکاندا بەکاردێن، خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیەتی.
4. پێویستە هەموو تاکەکانی کەلتورێکی دیاریکراو بە جێبەجێکردنی پێوەرەکانی ئاخاوتنەوە پابەندبن، لادان و بەزاندنی یاساکانی، تاکەکان تووشی بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵ دەکاتەوە.
5. لە زمانی کوردیدا چۆنیەتی جێبەجێکردنی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی نیشانە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو (تەمەن و ڕەگەز و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری...هتد)، دەگۆڕێن.
6. دانانی پێوەر و جێبەجێکردنی یاساکانی لە کۆمەڵدا و پابەندبوون پێیان و خۆلادان لە سزاکانی لەلایەن تاکی کوردەوە، بووەتەهۆی سازبوونی کۆمەڵێك دەستەواژە و زاراوەی تایبەت بە جۆری پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن لە زمانی کوردیدا.

## سەرچاوەکان


1. حەسەن، تابان محەمەد سەعید(2008)، گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
2. حەمەرەشید مەعروف، ئارام عەبدولواحد(2012)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
3. خاڵ، شێخ محمد (1980)، پەندی پێشینان، چاپی دووەم، بەغدا.
4. ساڵح، دەروون عبالرحمن(2012)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر چاپخانەی حاجی هاشم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی.
5. سدیق، د. فاروق عومەر(2011)، لە دایکبوونی وشە، چاپی یەکەم: چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
6. سلیم، پەیمان حسن(2010)، پەیوەندی نێوان زمان و کولتور لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی-شیکارییە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.
7. عارف، زوبێر علی( 2012)، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماجستێر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانی.
8. عەبدول محەمەد، پرشنگ (2003)، بۆچی ژن حەزی لە قسەیە و پیاویش گوێ ناگرێت؟، گۆڤاری زانستی سەردەم، ژمارە(16)، سلێمانی.

9. عەبدولڕەحمان، شیلان عوسمان( 2008)، کارابوونی زمان لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغداد، بەغداد.
10. عەلی، بەکر و حمەئەمین، شێرکۆ( 2006)، زار و شێوەزار، چاپی یەکەم: چاپخانەی چوارچرا.
11. عەلی، ئازاد ڕەمەزان( 2005)، بنەما زمانییەکانی دارشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا لە نێوان ساڵانی (1991-2000)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
12. فتاح، محەممەد مەعروف(2011)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
13. فەتاح، محەمەد مەعروف(2010) زمانەوانیەکان، کۆکردنەوەی خۆشناو، شێروان و میرزا قادر، شێروان، چاپی یەکەم: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
14. فەرەج، شاخەوان جەلال(2011)، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
15. فەرەج، هۆگر مەحمود(2000)، پراگماتیك و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
16. کۆمەڵێك زمانەوان(2009)، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، وەرگێڕانی محەمەدبی مەحوبی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
17. محەمەد، پێشکەوت مەجید(٢٠22)، خواستنی زمانیی لە زمانی کوردیدا (ژەهری زمانیی) بە نموونە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
18. ـــــــ، سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: هوشیار، فائق. کەریم، مستەفا. محەمەد، مەحمود. تۆفیق، محەمەد. زرنگ، ئەحمەد(2007)، بەرگی (1-2-3)، چاپی دووەم: چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
19. مجدی اصل، عباس(1389)، جنست و زبانشناسی اجتماعی، چاپ اول: نشر گل اژین، تهران.
20. مدرسی، یحیی(1368)، درأمدی بر جامعەشناسی زبان، چاپ اول: چاپ فرشیوه، تهران.
21. إفيتش، ميليكا (2000)، اتجاهات البحث اللسانى، ترجمة سعد عبدالعزيز مصلوح–وفاء كامل فايد، الطبعة الثانية، المجلس الاعلا للثقافة.
22. خرما، نايف( 1978)، اضواء على الدراسات اللغويه المعاصره، عالم المعرفه، الكويت.
23. الزيادي، حاكم مالك و سلمان، علي جاسم (2000)،الاقتراض اللغوي, مجلة المورد, العدد (4).
24. الضامن، حاتم صالح (1989)، علم اللغة، طبع بمطبعة التعليم العالي، بغداد.
25. نهر، هادى(1988)، علم اللغه الاجتماعى، الطبعه الاولى: دار الغصون، بيروت-لبنان.
26. هدسون (1987)، علم اللغة الأجتماعى، ترجمة د.محمود عبدالغى عياد، وزارة الثقافه والأعلام، دار الشون الثقافية العامة، بغداد.
27. **Mesthrie, Rajend. Swann, Joan. Deumert, Ana, William L. Leap (2000), introducing Sociolinguistics, edition published by Edinburgh University press**.